# رەخنە و پێشنیار

## سەباح یاسین

دەست بەرداربوونی  یان دەرپەڕاندنی کاك نەوشیروان لە یەکێتی و بیرکردنەوە  لە دامەزراندنی دەزگایەکی پەخش و ڕاگەیاندن ، کارێکی چاکە ، گەر  مەبەستی گەشەدان بێت بە مێدیایەکی چاودێرو رەخنەگر بەسەر ڕووداوە سیاسی و ئابووری وکۆمەلایەتی وفەرهەنگی ناو کوردستان یان  هاندەر بێت تا کە رامیاریی کوردی لەو ساوایەتی و مردوو و سەپاوەی رابردو و  نا بەرپرسیارییەتی خۆی دەرچێت کە تێیدا قەتیسماوە . دیارە کۆتایی ژیانی ڕامیاری کاك نەوشیروان  و هەرەشەی بەیکر- هاملتن لە ئیستادا  زەنگی وریاکردنەوەیە بو کورد لە باریی باری ڕامیاری ناوخۆیی و دەرەکی کە بێ چاودێر ژیانکی بەرپرسیار ڕەو دەکات  .  ئەو  دیاردانە ئەوە دەگەیەنێت کە  نە رامیاریی کوردی وەك پێوستی پێداویستیەکانی گەشەیی سروشتی دەکا، چوونکە گەر ڕێخراوی یەکیتی گەشەیی ئاسایی بکردیە باشترین کادری دەرنەدەپەڕاند و گەر ڕێخراوی کوردیی بەراستی خەریکی رامیاریی ببوایە ئەو راپرۆرتی بەیکر هاملتن نەدەبوو خەبەرێکی ناکاوە دەربرین.  گەندەڵی ناوخۆیی و لێکدانەوەدانەوەی هاودەم لە پشتی ئەو  دیاردانەوەن و کوردیش بە هۆی گورانیی هاوکێشەیی رامیارو ناوچەیی و جیهانیی شانسی خۆ گورین هەیە گەر سەرکردوە ڕێخراوەکانی بەر پرسیارنە دەست بەردار دەستتەلاتە مەدەنەیکان نەبن و روڵی نانەواو قەسابیش بگرێێ.

 ئاشکرایە بوون و ومانەوەی کولتور بەمانایی مرۆڤایەتی پەیوەستە بە بەرپرسیارییەتی  بەرێوەبەریی رامیاریەوە  و هەڵسەنگدنی چاودیرەکانەیەوە، زۆر لە کۆنەوەش کولتوری کوردی ئاشکریی نان بۆ نانەو و گۆشت بۆ قەساب کردوە. دەرچوون لە وبارە سەپاوەی کە  تێك شکاندنەی رابردوی سەپاندویەتی ، بە گەرانەوە بوبنچینە کولتوریەکان بە شێوازیی مۆدیرن کە جیا کردنەوەیی ئەو دوو دەزگایە کە ئەمرۆ لە خزمەتی حیزبدایەوە، حیزبیش لە خزمەتی سەرکردەدایەوە و سەرکردش بە بیر و کردار شوانی مالێك کە ماڵ نیە بەڵکو جیاوازیەکی بوون کە رۆڵی جیا دەگیرێ. ئەو رۆلگیرانە و دابەشکرنایە کە شارستانیەتی بەرهەهانیەوە.

لێرەدا وا چاکە کە رووداوێك بەیادی  کاك نەوشیروان-دا بهێنمەوە کە  لە پەراوەکەیدا" لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، لە لاپەرەی235 " لەو پەڕانەدا  کە باس لە لێکۆلینەوە لەگەڵ دەرسیم دا دەکات  ، ناوی من و  فوادی نەهێناوە گەرچی ئەو لەو رۆژەدا لە هەوڵی بە جەلالی کردنی یەکێتیدا  بوو، ، لە ژوورێك  لەگەڵ ئەو  ملازم عومەردا دانیشتنین، ئەو بە من و فوادی وت" باش نیە بەو شێوەیە رەخنە لە یەکێتی بگیرێت چوونکە یەکێتی ڕێخراوێکی ساوایە ".  ئەوە یەکەم جاربوو کە وشەیی ساوا بە مەبەستی رامیاریی ببیستم.   ماوەیەدا لەوبەر نامیلکەیکمان لە ژێر ناویی رەخنەوە بێشنیاردا نووسی بوو و بلاّومان کردبۆوە کە چی چاکە لەو رۆژەدا  بکرێت یان بیری لێبکرێتەوە و بەردەامیش لە کەموو کوریەکانیی ژیانی پێشمەرگەو ڕێکخستن بەردوام بوو.  ئەوکاتە یەکیتی، لە کۆمەڵ و بزوتنەوە سۆشیالیست و خەتی پان پێکهات بوو کە نەبەراستی ئامادەیی کارەکە بوون نەهەڵسنگاندیکی تایبەتیان هەبوو کە چی بکری و چوون و کێ بیکات، ئەو دەردە تا ئیستا لە گەڵ ڕێخراوە کوردیەکاندا بەردەوامە.  بەهەر حاڵ ،هەندێك  تاك ئەو نووسینەیان لا چاك بوو وە هەندێك پێی نارەحەت بوون و هەندێکێیش لێی  دەترسان.

بەهەرحاڵ، لەوەلامی کاك نەوشیرواندا ، وتم:  سێ ئامرمەفرزە کاریی چەتەیی دەکەن و من ئامادە نیم چەتەیی  بکەم  و خۆ گەر تۆ ئامادەی دادگاییان بکەیت ، ئەوا  من لەگەڵتام، ئەگەر نا  ئەوا تو بەرپرس و سەرکردەی  چەتەکان دەکەیت. ئەوە بارە ئەوسا بووە هۆیی دەرپەراندیی ئێمە و لە ئیستاشدا نەوشیروان و دیار هەرکەسیکی تر کە وەك نەوشیروان کار بکات و نەك گەورەش نەبوو بەڵکو ساواتر بۆتەوە بۆ نموونە، لەساڵی 2005 لە سلیمانی بەرێوەبەری  بەشی دۆکومێنتەری

تەلەفیزۆنی خاك هات بۆ ماڵەوەو داوایکرد کە پڕۆگرامێك لەسەر راکردنی خۆم لە بەندیخانەدا لە ساڵی-76 – دا تۆماربکەم.

داواکەی تەلەفیزونی خاك لام چاك بوو بەڵام لەبەر ئەوەی بڕوام دەکرد لەمرۆدا ، هەوەك رابرردو دەزگایی مێدیا یەکیتی ئامادە نەبێت کە هویی گرتنە و راکردنەوە وەك ئەوەیی بووە تۆمار بکەن. لەبەر ئەو هویە کە تەلەفیزونی کوردیەکان تەنها پلاتفۆرمی ئەو قارەمانەکانە کە ئەمرۆ دەخۆن نەك ئەوانەی کە بەشداریی جۆراوجوریان هەبوو لە خولقاندی رووداوەکاند. من رابردو وەك مێژوویەك لام گرنگە کە راستگویان تۆمارکرێت نەك تەنها خۆ دەرخستنێك بێت. ئەمرۆ خاك باس لە عەمەلیە محافیز دەکا من گەر لەو عەمەلیەدا نەبوو بەڵام لە ماڵی ئێمەوە رێخراو و ئەمرۆ کە مەلا بەختیار بۆ تە بەتەڵی ئەو گیرانەوە ، هەڵەشەی و خودەرخستی ئەو بوو کە خەڵکانێکی هانیبوو تا بڵیت من ، من کە لە راستیدا ئاگایی بە نەخشەو پلان و چۆنێتی بە جێگەیاندی نەبوو. هەوەك ئەمرۆ چۆن لە یاریی نازانی رۆڵی یاریکەر و دیموکرات و مێدیا دەگێر لەوە دەچی ئەوسا جۆریك لە و دالاخانە هەبوو بێت. باس نەوشیروان و مەلابەخیار و خاك بویە دەکەم تا خویندەر و بەرێوەبەرانی رامیاریی کوردی لە قولایی تێکشکاویی رامیاریی کوردی بکەن و ئەوەند خۆ و یەکتر هەڵنەخەڵەتین و بیرێکی بەرپرسیارنە بکەنەوە و دەستبەرداریی گەمەی دژی یەکدی بن و هەوڵیکی دروستکەرانە بدەن.

من بە بەرێوەبەری بەشی دوکومێنتی خاکم وت: گەر ئامادەن دوکومێنتیکەی ئەوە من هۆکاری گرتن تا راکردن وەك خۆی دەیگێرمەوە ئێوەش بەوە شێوەیە بڵاویی دەکەنەوە ئەگینا من ئامادە نیم توماری بکەم بەوشیوەیی کە خاك پێخۆش بێت.

بەهەرحاڵ، لەگەڵ بەرێوەبەری بەشی تەلەفیزونی خاکدا رێکەوتین کە وەك ئەوەی من بە ئاگام لە دروستکردنی یەکیتی لە سلیمانی باس عەمەلیانە محافیزو رکردنم لە بەنینخانە بکەم تا پێشوەخت بەرێوەبەرانی خاك بزان کە من چی دەڵێم . بەرێوە بەرانی خاك نوسراوەکەیان دیارە لە دوکۆمێنت ئیهملادا هەلگرتوە و سوپاسی نوسینەکەشیان نەکرد.

جا کاتێك دەزگایەك مێدیا ئەو ئەو بنچینەیی بیر کردنەوەیی و کارکردنی بێت، ئەو لە سیاسەدا ئاسایی کە پاشقول لە ناحەزەکانی بگرێت و ئاریشی قارەمانەکانیش بکات بەڵام رۆلی چاودیریش مەسەلەیەك نەبێت. ئەمە ترژیدیا تێك شکان و دووبار بوونەوەی کوردیە کە شەرمە لایی باس لە لاوازیەکانی خۆیی بکات و قارمانەکانی کە رادەکەن و گەندڵن و کار بۆ ئەم دەوڵەت ئەو دولات دەکەن هەر قارمان بە رووکار بەلام لاوازن لەبەر دەم ئاغاکانی کە گەمەیان پێدەکەن.

ئەو بوونەوە بەرهەمیی تێکشکاندیی کولتوریی رامیاریی کوردیە نەك ساوایی مرۆڤی کورد یان ساویی کولتوریی گوندییە کە بنکەی خۆ راگردنی هەزاران ساڵایی تۆمارکردوە بەڵام نەیتوانیووە تا ئیستا چاودیر راستگوی لاوازیەکانی خۆ بکات. ئەو پاردۆکسی دووباروە بوونەوە ئەو تێك شکانانەیە کە مێژووی سیاسی کورد نەك کولتوریی هەزار بارەیی کردۆتەوە.

دەرچوون لە ساوایی رامیاریی بەرپرسیاریەکە کە مرۆڤی کورد و رێخراوە دینی و دونیایەکان و سەرکردایەتیەکەی ، پێوستیانە بیر لە رِیگە چارەیەك کە دەرچوون بێت لە و بازنەیە بکەنەوە. کورد کە تا ئیستا وەك کولتورێکی جودا لە ناوەندی خۆرئاوادا ماوە، پەیوەستە بەو نرخاندنە کواتوریەوە " هەرکەس لە سەر رێی خۆی و هەرکەس دەچێتە گۆری خۆیە." کە رابردووی شارستانیەتی یان پێش تێك شاندیی کولتوریی رامیار پەیرەویی کردوە.

رامیاریی کوردی تا ئەمرۆ چ لەبەر نەشارەزایی لەو تێك شکاوی شانسی دوربین کرد نەبووە بۆ بە ساوایانە سودیی لە (شەریی یەکم و دووهەمی جیهانی و کوتایی شەری سارد) نەبینیوە. بەڵام لە دوایی 90 کورد بەتایبەتی لە عیراقدا خویی ئەندازیار هەر تێك شکانێکە کە رووبەروویی دەبێتەوە کە لە هەنێك رووەوە ترسناکە، بۆ نموونە بێتوانایی چارەدۆزینەوە کەمی ئاو و بێکارەیایی بەردەام و بەکاربردن و فیرێدانی باتر بەهەموو لایەکدا زوەیی و ئاو لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەچێتە گیان ئاژەڵ و مرۆڤەوە نەخۆشیە کوشندەکان زیاد بەکات. بۆیە چاکە کە سوپاسی بەیکر هاملتوون کە زەنگی بە ئاگابوون

لێدەدا بۆ وریا بوونە لە خۆ ئاریشکردن و دابەشەکردنی دەستەڵات بە گوێرە توانا و لێزانین نەك بە خویی ئەوە کە لەویەر قارەمان بوون بە قارەمانی دەمێنەوە.

لەمرۆدا کە دەزگان بە ساوا ناوەزەند دەکرێت شاردنەوەیی لاوازیەکانە رابردو ئاشکرا دەکات کە تا ئێستا لە روویی رامیاریەوە کاریی لەسەر ناکرێت، بۆ نموونە پاتی کە نازناویی دیموکراتیەتی لە خۆیی ناوە ، خانەوادە بە هێزتر بووە یان یەکیتی کە باسی لە بەیەکەوە کارگردنی جیاوازیەکان بوو، ئیستا بۆتە رێکخراوی چەند خێزانیك بە پلەیی جیا جیا ناوچەوە دەستکەوتەکان بەش دەکەن بە ناویی بازاریی ئازاد و کەمپانیەکانی لەسەر گیانیی بە ساوکردنی کولتور گەشەیی کردوە. رێخراویی ئیسلامیەکان کەخۆیان بەناوی ئەنسار و رابیتە ناودەبە مەبەستەوەیانە ئەو رۆحە لاوازەی کە بە ناویی کوردەوە ماوە رۆحێکی ئیسلامی ئیخوان و سعودی بکەن بە بەریا وەك ئەوەی خودا بیّ لەمرد بیر لە ژیان نەکردوتەوە و کوردبس تا ئێستا بە پاڵێوراویش وەرناگیرن و چاك وەهایە وەك ئەنساریك بە ئیسلامەتیەوە رەبتی بکەنەوە.

شارستانیەتی رابردو لە کوردوستاندا بە وشە و بیر و هاوکاریی بەرپرسیارانە دەستی پێکردوە. لەمرۆشدا مێدیا کە تەکنولوجیا مودێرنەیە ئەتوانێت ئەو دەرگایە بەجیّ بهێلێت بو ئەو کەسانەیی کە مێژوویەکی بەرپرسیاریان هەبوو و هەیە لەم سەردەمی بەرگری و بەردەوامی دان تا ئیستا لەو هەوڵەی قەسابی و نانەویان بەردەوام کاردەکەن.

راپۆرتی بەیکر هاملتن و بەسەرهاتی نەوشیروان چاکە کە هاندەربێت بۆ پارتی و یەکێتی کە بیر کوردانە بکەنەوە لە تێك شکاویی و خۆ بە شارزاو لێزان و تەنها یارکەریی مەیدان نەزان. لەو رووەوە، رووی دەم لە کورد و مەسعود بەرزانی ، و پەرلەمان و رێکخراو و نوسەروەکان دەکەم کە بە گیانی لێپرسراوانە هانی پارتەکان بدەن کە دەست بەرداریی دەزگایی تەلەفیزیۆن بن چونکە ناکرێت سیاسی بن و چاودێریش بکەن. چوونکە ئەو هاوکێشەیەك ئا شارستانیەت و ساوی دەگەیەنێت ، ساوایی لە ئیستادا مەترسی مافیایی نەك بازاری ئازاد لێیدەکەوێتەوە.

بۆ دامەزراندی دەزگایی چاودێر کارێکی چاکە کە بیر لە خەڵکیّ بێلایەن لە کاریی پارتەکانی کوردستان بانگ بکرێن تا لە ناو خویاندا دایەلۆگ لەسەر دامەزراند و پرۆگرام کارکردنی دەزگایەك لەو جۆرە بکەنەوە، لەو رووە من پێشنیار ئەوە دەکەم کاك نەوشیروان، دکتور محمود، فەلکەدین کاکەیی و جمال نەبەز، نوریی تالەبانی، دکتور نەجمەدین ، کمال میراودەلی ، دکتور فەریدون ، و مهاباد قەرەداغی ، بەختیار علی، رەفیق قایەق ، مەریوان قانع ، شیرزاد حسن و دەزگاکانی هاولاتی، ئاوینە، رەهەند، کوردستان سولیداریەت و ماڵپەرە و تاکە بێلایەنەکانەکان ئەو رۆڵەیان بیّ بسپێرێت.

دەزگای مێدیا لەو جۆر و لەو خەڵکانە دەشێت وەك کارێك گران دەرکەوێت بەڵام دامەزراندنی سەنگەریك گەور دەبێت بو کەم کردنەوەی مەترسی شاراوەی ئیرا ن ، تورك، سعود و گەمەیی ئەمەریکاو بەریتانیا کە هاوکێشەیەکی ئالۆزەو و شارەزای و خۆشەویستی دەیکاتە شاخێك کە ئاسان نەتوانن زەفەریی پێبەرن و تێکیشکێن.

کورد چاکە کە بەراستی پشگیر لە و جۆرە رێفۆرم بکات و کاك مەسعود کە ئەمرۆ بەرپرسیاریی هەرێمی لەئەستۆ گرتووە چاکە کە بیر لە دابەشکردنی دەستەڵات بکاتەوە و بانگی ئەو مرۆڤان بکات کە رۆڵی چاودێر مێدیا بەرێوەبردن بگێرن. هاندانی کاك مەسعود و کاری ئەو بەرێزان بەردە بازێك دەبێت بۆ بە دزگا کردنی دەستەڵات و رێگرتن لە گەشەیی مافیا و هەزار بارە بوونەوەیی تێکشکانی مرۆڤی کوردیی و سوکایەتی کرد پیّ و هەنگاوێك دەبێت بۆ سارێژیی رابردو و بەرەوە شارستانیەك کە لەسەر خۆ هەڵخەڵاتن و ئاریش و پاشقول نەوستاوە بەڵکو چاو چاودیرەوە پاسەوانی دەکرێت کە بەراستی رێزیی نەتەوە و سەرۆك مانایی دەبێت.